# چیرۆکی (ئەلفوبێی باڵدار) و گرێی ئۆدیپ

هاوکار مووسا

ئەفسانەی ئۆدیپ قسە و باسی زۆری لە باراوە کراوە، یەکێ لەوانە ڕابەری میتودی دەروونشیکاری، پزیشکی دەروونی نەمساوی "سیگمۆند فرۆید"ـە.

«بە بڕوای فرۆید منداڵی نێرینە لە تەمەنێکی دیاریکراوی منداڵیدا بە شاراوەیی حەز لە دایکی دەکات و بە نزیکبوونەوەی باوکی لە دایکییەوە هەست بە غیرە دەکات و خواستی کوشتنی باوکی دەکات، فرۆید کێشەی کوشتنی باوکی لە ئەدەبی کلاسیکی یۆنانییەوە لە "ئۆدیپی پاشا" وەرگرتووە و ئەو هەستکردنەی بە گرێی ئۆدیپ ناو بردووە.» (کەمال: ٢٠٠٩: ٧٢) ئەم حەزە تەنێ منداڵ ناگرێتەوە، دەتوانین بڵێین لە منداڵیدا سەرهەڵدەدا و لەگەڵ مرۆڤ دەمێنێتەوە و زۆر جار تا تەمەنێکی گەورە و کامڵ درێژەی دەبێ. فرۆید یەکێکە لە دیارترین دەروونشیکارەکان کە نەستی دابەشکردووەتە سەر سێ بەش: "ئەو id" و "من ego" و منی باڵا "super ego".

لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی باسیان لێوە بکەین، "ئەو" بریتییە لە کۆگای حەزە غەریزەییەکان، ئەو حەزانەی لە منداڵییەوە لەگەڵ مرۆڤ دروست دەبن و تا مردن لە دەروونیدا دەمێننەوە، بۆ نموونە حەزی: "سێکس، برسیبوون، تینووبوون...تاد" ئەگەر ئەم نموونانە لەسەر منداڵێک پراکتیزە بکەین، دەبینین منداڵێک کاتێک برسی دەبێ، لە هەر شوێنێک بێ دەست دەکا بە گریان و گرنگی بە کات و شوێن و هەلومەرج نادا، بەڵکی تنێ وەدوای پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆی دەکەوێ، یانژی ڕزگاربوون لە پاشەڕۆ، کاتێ منداڵ هەست بەوە دەکات کە دەیەوێ لە پاشەڕۆ ڕزگاری ببێ، لە هەر شوێنێ بێ پیسایی دەکا، ئەمە بۆ شێتیش دروستە، چونکە منداڵ و شێت ناتوانن چەپاندن بکەن،



**ئیبراهیم باڵدار**

چەپاندنیش چەمکێکی فرۆیدە بۆ هەڵگرتن و دواخستن و بەهانەهێنانەوە بۆ ویستەکانی نەست، لێرەدا گرفتێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە تیوری چەپاندن هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی نەخۆشییە دەمارییەکانە. «چەپاندن، واتە سەرکوتکردن و حەشاردان و گوێنەدان بە حەزە غەریزەییەکان و ڕەتکردنەوەیان، ئەو کاتەی ئێمە چەپاندن دەکەین، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە دەمارییەکان لە ئارادایە.» (موسا: ٢٠١٩: ٣٩) چونکە مرۆڤ کاتێ پەنا دەباتەبەر چەپاندن، ڕێگری لە حەزەکانی نێو نەستی خۆی دەکا، بەمەیش گرژی دەروونی دروست دەبێ و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێ گرێی دەروونی، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە چەپاندنی حەزەکانی نەستمان، واتای مردنی یەکجاری و لەبیرچوونەوەیان نییە، بە پێچەوانەوە، حەزەکان هەر دەمێنن، وەلێ کاتێ ئێمە پەنا بۆ چەپاندن دەبەین، بۆ کاتێکی دی هەڵیدەگرین، ئەم هەڵگرتنەیش بڕیاری کۆتایی نییە، بەڵکو حەزەکان دەنێو نەستدا وەسەر یەکدی کەڵەکە دەبن، دەشێ لە هەر کات و ساتێکدا بەهۆی دیمەنێک، یان ڕووداوێک یانژی خەونێک، ئەم حەزانە دیسان لە نەستەوە بێنەدەرێ و هەوڵی خۆتێرکردن بدەن، باشترین ڕێگەش خەون و ناهاگاییە، چونکە لە ناهاگاییدا هەست و ئیگۆ و سوپەر ئیگۆ لاواز دەبن و دەسەڵات دەکەوێتە دەستی "ئەو id".

گرێی ئۆدیپ لە ئەفسانەیەکی یۆنانییەوە وەرگیراوە، «ئۆدیپ پاشا، شانۆنامەیەکی تراژیدیی یۆنانییە، لە لایەن شانۆنووسی بەناوبانگی یۆنانی سۆفۆکلیس نووسراوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٤٢٩ی پێش زاین نمایش کراوە. ئۆدیپ کە بەشێکی گرنگی تێگەیشتنی فرۆیدە لە خودئاگای مرۆڤ و زەینی بنیادی پێکدەهێنێت، ئۆدیپ لە لایەن باوانییەوە دووردەخرێتەوە، دوای ئەوەی باوانی کە پاشا و شاژنی شاری تیب بوون، لەلایەن ئۆراکڵ ئاگادار دەکرێنەوە کە کوڕەکەیان ئۆدیپ باوکی دەکوژێت و لەگەڵ دایکی جووت دەبێت. لە دواییدا ئۆدیپ بێ هۆش و نائاگا باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی دەکات بە ژنی خۆی، کاتێک ئۆدیپ ڕاستی کارەکەی خۆی بۆ دەردەکەوێت، یەکسەر چاوەکانی خۆی دەردەهێنێت.» (دەشتی مەحموود، ماڵپەڕی چەپی نوێ) ئەم گرێی ئۆدیپە لە منداڵییەوە دروست دەبێ و بە درێژایی ژیان لەگەڵ مرۆڤدا دەمێنێتەوە، لەم حاڵەتەدا منداڵی نێر بە نزیکبوونەوەی باوکی لە دایکی، ئازار دەچێژێ و ئیرەیی بە باوکی دەبا و زۆر جار دەگاتە ئەو ڕادەیەی هەوڵی کوشتنی بدا، لەبەر ئەوەی دەیەوێ دایکی تنێ گرنگی بەو بدا، ئەگەر سەیری شانۆنامەی "هاملێت"ی "شکسپیر" بکەین، ئەو گرێی ئۆدیپە لە دەروونی "هاملێت"دا دەبینین، سەرەڕای ئەوە «ڕەخنەگرە دەروونشیکارەکان گەیشتنە ئەو ڕایەی هاملێت بەدەست گرێی ئۆدیپەوە ناڵاندوویەتی، بۆیە دوودڵ بووە لە تۆڵەسەندنەوە لەو بکوژەی باوکی، کە دایکی ئەمی مارەکردبووەوە و دەستی بەسەر کورسیی پاشایەتیدا گرتبوو.» (خەلیل: ٢٠١٧: ٨٢) کاتێ یەکێ باوکی هاملێت دەکوژێ و دەسەڵات دەگرێتە دەست و دایکیشی مارە دەکا، هاملێت گرێی دەروونی بۆ دروست دەبێ، ئەوجا ئەم گرێ و گرژیی دەروونی و تووڕەییە، دەبێتە سەرچاوەی دروستبوونی "گرێی ئۆدیپ". ئەریک فرۆم دەربارەی هاملێت دەڵێ: «بێ شک ئەو منداڵە دەیویست باوکەکە بکوژێت و لاقەی دایکەکەش بکات.» (فرۆم: ٢٠٠٨: ٧١)، چونکە هاملێت لەبەر تووڕەییەکەی گەیشتە ئەو ڕادەیەی چێژ لە ئازاردانی دایکی ببینێ و باوکە تازەکەیشی بکوژێ، هەرچەندە ئەمە کۆتایی بە غەمگینی و پەشێویيە دەروونییەکانی هاملێت ناهێنێ، بەڵام دەروونی داوای دەکا، چونکە «لە کاتێکدا دەبینێ

کە ئەو باوکی کوشتووە، لە کاتێکی دیکەشدا دەبینێ لەگەڵ دایکی هاوسەرگیری کردووە، ئەمە حاڵەتی دەروونی هاملێتی تێکداوە و تووشی گرێی ئۆدیپی کردووە.» (موسا: ٢٠١٩: ٤٠)

هیچ ژانرێکی ئەدەبی، لە وروژاندنی چەمکە دەروونییەکان بەدەر نییە، بۆ نموونە ڕۆماننووسی ڕووس "دەستۆیڤسکی" زۆربەی ڕۆمانەکانی بە سەرچاوەی سەرەکی و گرنگی بابەتە دەروونییەکان دادەنرێن، بۆ نموونە تاوانی کوشتنی باوک لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆف، یان پەشێویی دەروونی و ئەنجامدانی دوو تاوانی کوشتن لە لایەن ڕاسکۆڵنیکۆفی ڕۆمانی تاوان و سزا، هەڵبەت ئەم تاوانانە کۆمەڵێ گرێی دەروونی لە پشتەوەیە کە ڕاستەوخۆ دەبێتە سەرچاوەی ئەنجامدانی تاوان.

لێرەدا باس لە چیرۆکی (ئەلفوبێی باڵداری)ی کاروان عومەر کاکەسوور دەکەین، ئەم چیرۆکەیش دەنێو کۆچیرۆکی (منارەی ئاوەدانی)دایە و دەمانەوێ لە دەروونی کارەکتەری سەرەکی ئەو چیرۆکە بکۆڵینەوە کە وا دیارە وەدەست گرێی ئۆدیپەوە ناڵاندوویەتی. کارەکتەری سەرەکی ناوی (سەرکەوت)ە و باوکیشی ناوی (ڕەمزی لاوکزادە)یە کە دوای چەندان ساڵ لە جێهێشتنی ژن و منداڵەکانی، لە شاخ دەگەڕێتەوە، دایکیشی ناوی (نەشمان)ە. ئەو ماوەیەی باوکی لێیان دوور بووە، واتە بە درێژایی تەمەنی سەرکەوت، هەر لە چەند مانگێک دوای لە دایکبوونییەوە تا کاملی، لەو ماوەیەدا دەشێ لە پێواری باوکدا، سەرکەوت گرێی ئۆدیپی بۆ دروست بووبێ و خۆی بە خاوەنی دایکی زانیبێ، دوای گەڕانەوەی باوکی، سەرکەوت تەمەنی لەنێوان سی بۆ سی و پێنج ساڵ دەبوو، پاشان کاتێ باوکی دەمرێ، سەرکەوت هیچ بە مردنی باوکی نیگەران نەبوو، ئەمەیش هەر بۆ گرێی ئۆدیپ و حەز بۆ دایک دەگەڕێتەوە، ئەم گرێی ئۆدیپە لەوەدا زەق دەبێتەوە کە باوکی کاتێک ئەو دوو مانگ بەر لە لەدایکبوونی دیار نەمابوو، کاتێ خۆی بووەتە سی و پێنج ساڵ، ئەوجا باوکی حەفتا ساڵی هاتووەتەوە، بۆیە بەرانبەر بە بێ هەستییە جنسییەکانی باوکی و ئاڵۆشی دایکی و خەیاڵی سیسەمە کۆنەکەی، خەو لە مێشکیدا نەدەڕۆیشت، هەر ئەمەش وەی کرد کە نەتوانێ بچێتە لای "نەسرین سالم"ی هاوڕێی، چونکە ئەو داخی سەرەکی دایکی بوو، نەک نەسرین سالم، لە هەمبەر گرنگی پێ نەدان و پێ نەزانینی دایکیدا گرێی خۆبەکەمزانینی بۆ دروست بووبوو، بەڵام بە خەیاڵی هاوڕێکەی، نەسرین سالم کە هەر بە خەیاڵ دەیهێنایە سەر سیسەمی خەوەکەی، ئەمەیش بۆ ئەو قەرەبووکردنەوەیە بوو.

سەرکەوت خۆی سی و پێنج ساڵە، بەڵام ڕەفتاری وەک منداڵان وایە، چونکە ئەو گرێی ئۆدیپ و خۆبەکەمزانینی هەیە، هەرچەندە ئەگەر داوای لە (بەفرین سالم)ی ئەکتەر و دەرهێنەر بکردبا بچێتە لای و حەزەکانی بۆ پڕ بکاتەوە، ئەگەری ڕازیبوونی زۆر بوو، لێ گرفتی ئەو، ژنەکە نەبوو، بەڵکی دایکی خۆی بوو! با سەیری ئەم چەند دێڕە بکەین کە قسەی سەرەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کاتێ کارەکتەری سەرەکی (سەرکەوت) دەربارەی (بەفرین سالم)ی دەرهێنەر و ناسیاوی خۆی دێتە گۆ و دەڵێ: «ئەو دوای کوژرانی مێردەکەی لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی شار، بە تەنیا لە ماڵێکی خۆشدا دەژیا و زۆر پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دایکم جێ بهێڵم و لەگەڵ ئەو بژیم، بەڵام نەمتوانی بڕیارێکی ئاوا بدەم، ئەگەرچی تا دەهات زیاتر تەفرەی دەدام و پتر حەزم لە ماچی دەمی و مژینی گۆی مەمکەکانی و بۆنی قژە خاوەکەی دەکرد کە بە ستایلی فرەنسی دەیبڕی، پێیم گوت، تێکڕای شتومەکەکانت بفرۆشە و وەرە با پێکەوە لەم ماڵەی ئێمە بژین.» (کاکەسوور: ٢٠١٩: ٢٣٧)

لێرەدا دەردەکەوێ گرفتی سەرەکی وی دایکیەتی، نەک بەفرین سالم، ئەگەر ئەوە ڕاست بێ و حەزی لە بەفرین سالم بێ، هەر نا ڕۆژێ سەردانی دەکرد و حەزەکانی پڕ دەکردنەوە، چونکە ئەو ژنە بەتەنێ دەژیا، بەڵام هێشتا ڕای وایە پێویستە بێتە ماڵەکەی ئەو و لەگەڵ دایکی بژی، چونکە ئەو دەستبەرداری دایکی نابێ و تا دێ گرێی ئۆدیپی بەرانبەر بە دایکی زیاتر دەبێ، لێرەدا بەراوردێک لەنێوان دایکی خۆی و بەفرین سالم دەکا، بۆی دەردەکەوێ دایکی بۆ دەروونی ئەو پێویستترە، ئەگەر زیاتر لە دەروونی کارەکتەری سەرەکی نزیک ببینەوە، دەبینین سەرەڕای گرێی ئۆدیپ، وەکو وتمان گرێی خۆبەکەمزانینیش دەردەکەوێ، کارەکتەر لە هەمبەر ئیرەیی بردن بە گرنگیدان و مانەوەی دایکی لە لای باوکی، هەم گرێی ئۆدیپی بۆ دروست بووە، هەم خۆیشی بەرانبەر بەم ڕووداوانە بە کەم دەزانێ.

بەپێی بۆچوونی (ئەدلەر) کە بنیادنەری گرێی خۆبەکەمزانینە، هەموو خۆ بەکەمزانینێک بەرانبەری خۆی هەیە، ئەویش قەرەبووکردنەوەیە، ئەگەر سەیری کارەکتەری سەرەکی بکەین، دەبینین خۆبەکەمزانینی تێدا سەرهەڵدەدا، دوای ئەوەی هیچی لەگەڵ ئامادەیی باوکی لەلای دایکی پێ ناکرێ، ئەم جارە پەنا وەبەر خەیاڵبردن و دروستکردنی زیندەخەون لەگەڵ "بەفرین سالم"دا دەدا، زۆر جاریش لە خەیاڵی خۆیدا دەیهێنێتەوە سەر جێگەی خەوەکەی دایک و باوکی، ئەمەیش تەنیا بۆ قەرەبووکردنەوەیە لە بەرانبەر خۆ بە کەمزانین، واتە بە کەسێکی دیکەوە، یانژی بە تشتێکی دیکەوە قەرەبووی تشتێکی دی دەکاتەوە، ئەمەیش تنێ لەپێناو دەروون و نەستە، چونکە «دەروونشیکاری لەسەر بنەمای نەست بنیادنراوە.» (ئەزهەری: ٢٠١٧: ٢٢)

دوای گەڕانەوەی باوکی، سەرکەوت دەڵێ: «ڕاستییەکەی ئەوەم لێ بووبووە مەراق کە ئاخۆ دوای ئەو هەموو ساڵە دایکم و باوکم چۆن بەیەک گەیشتوون؟ چۆن یەکتریان ڕاموسیوە و چەند گریاون؟» (کاکەسوور: ٢٠١٩: ٢٣٢) سەرکەوت ئیرەیی بە "ڕەمزی" باوکی دەبرد و دەیویست شەوانە ئاگادار بێ و بزانێ لەگەڵ یەکتردا چی دەکەن و چۆن گرنگی بە یەکدی دەدەن، ئیرەیی سەرکەوت دەگاتە ڕادەیەک هیچ هەستێکی بۆ باوکی نامێنێ، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی لە هێکڕای باوک کە دوای چەندان ساڵ لە پێواری، گەڕایەوە، ئەمەیش کاردانەوەی بۆ کارەکتەری سەرەکی دروست کرد، بۆیە کاتێ کە باوکی مرد، لە هەمبەر ئەم ڕووداوەدا هیچ کاردانەوەیەکی دەروونی و ڕووکەشی تێیدا نەبینرا، بگرە ئاسایی وەری گرت. لە پاژێکی دیکەی چیرۆکەکەدا دەڵێ: «باوکم دایکمی بە (ناشێ) و (نەشمە) بانگ دەکرد و ئەو بە (ڕەمزۆ) ناوی باوکمی دەهێنا، کە ئەمەیان بۆ نواندنی خۆشەویستی بوو لە ئاستی یەکتردا، بەڵام من هەندێک پێکەنینم بەوەش دەهات، ئەگەر نەڵێم پێی پەست دەبووم.» (کاکەسوور: ٢٠١٩: ٢٣٣) ئەم پێکەنینە لووتکەی ئیرەییە، پێکەنینێ وەک تێکەڵەیەک لە پەستی و تووڕەیی، چونکە زۆر جار پەستی دەگاتە شوێنێک مرۆڤ هیچ ئۆقرەیەکی نامێنێ و لە حەژمەتان پێدەکەنێ، ئەمەیش تەنیا بۆ کاردانەوەی خۆی و ڕزگاربوون لە بارە دەروونییەکە، بەڵام جارێکی دی ئەمە ڕوودەداتەوە و ئیرەیی سەرکەوت تا دێ زیاتر دەبێ، هۆکاری ئەمەیش گرێی ئۆدیپە، چونکە سەرنجی دەکەوێتە سەر دایکی و دەیەوێ جگە لە خۆی کەسی دی، تەنانەت باوکیشی لە دایکی نزیک نەبێتەوە و گرنگی پێ نەدات.

لە شوێنێکی دیکەی چیرۆکەکەدا دەڵێ: «لە خۆمم دەپرسی ئایا من دەتوانم جیرەجیری لە تەختی نووستنەوە بهێنم؟ هەر کاتێ بمزانیایە ئەوان ئاگایان لێم نییە، بە تایبەتی دایکم، چونکە باوکم هەمیشە، یان بە نووسینەوە سەرقاڵ بوو، یان لە کۆڵان شیرینەمەنی لە دەستفرۆشەکان دەکڕی، ئەوە دەچوومە ئەو ژوورەیان و بە خەیاڵ (بەفرین سالم)م لەسەر ئەو تەختە کۆن و داڕووخاوە و لەژێر خۆم پاڵ دەخست، ئەوجا هەڵم دەگێڕایەوە و ئەو دەکەوتە سەرەوە، ئەوسا دەمتوانی جەستەی چاکتر ببینم و پتر چێژی لێ وەربگرم، بەو پەنجانەم شەبزووزمم هەڵدەپەڕاند و گوێم لە جیرەجیری تەختەکە دەگرت، ئەو قژە خاوەیم دەبینی کە لەگەڵ تەکانەکاندا وەک کلک و باڵی کۆلارە دەلەرییەوە و بەر دەموچاوم دەکەوت.» (کاکەسوور: ٢٠١٩: ٢٤٥)، لێرەدا گرێی ئۆدیپ دەگاتە ڕادەیەک لە ناچارییان پەنا بۆ خەیاڵکردن و هێنانی بەفرین سالمی هاوڕێی بدا و بیهێنێتە شوێنی دایکی، لێرەدا مەسەلە گرنگەکە دایکییەتی نەک بەفرین سالم، ئەگەر بەفرین سالم بایە، ئەوە سەرکەوت دەچووە لای، ئەو ژنە بە تەنێ لە ماڵێکدا دەژیا، لەبەر ئەوە حەزە دەروونییەکە دایکییەتی، بۆیە ناچارە لە خەیاڵی خۆیدا هاوڕێکەی بێنێتە سەر جێ خەوەکەی دایکی و بیر لە تەکان و شکاندنی تەختە کۆنەکە بکاتەوە. دەتوانین بڵێین لە هەندێ شوێندا گرێی لیبیدۆی تێدا دەردەکەوێ، ئەمەیش خۆی لە حەز و ویستی سێسکدا دەبینێتەوە، بەڵام «من دەست پێشخەری دەکات لە وەرگرتنی هەڵوێستێکی بەرگری و ڕێگریش دەکات لەو غەریزە سێکسیانەی حەز بە تێربوون دەکەن، بۆیە ئەم غەریزە ناچار دەکات بۆ ئەوەی تێر بێت ڕێگە و شێوازی دیکە بگرێتەبەر کە دواتر لە شێوەی نەخۆشییە دەمارگرژییەکان خۆی دەنوێنێت.» (فرۆید: ٢٠١٩: ١٤٢-١٤١)، کەواتە کارەکتەری سەرەکی ناچارە خەیاڵ بکا، هەرچەندە دەشێ بەهۆی چەپاندن و خەیاڵکردن و قەرەبووکردنەوەوە تووشی کۆمەڵێ گرێی دیکە بووبێ، ئەمەیش دیسان بەهۆی دایکییەوە، چونکە لە پاژێکی دیکەی چیرۆکەکەدا دەڵێ: «دیسان خەیاڵم بۆ

بەفرین سالم هەڵفڕی کە هەر بەهۆی دایکمەوە لە دەستم چوو، نازانم دەنگی کامیان بوو بە ئاگای هێنامەوە» (کاکەسوور: ٢٠١٩: ٢٥٢).

کاتێ دەڵێ نازانم دەنگی کامیان بوو، واتا ئەو هەردووکی تێکەڵ کردووە و بیر لە جەستەی هەردووکیشیان دەکاتەوە، وەک پێشتر وتمان بەهۆی گرێی ئۆدیپەوە ئازار دەچێژێ و لە هەمبەر دایکی دەروون شپرزەیە، بۆیە ئەو هەمیشە بیر لە دایکی دەکاتەوە و نەست و حەزە خەفەکراوەکانی نەستی داوای دایکی دەکەن، بۆیە تەنانەت کاتێ بیر لە "بەفرین سالم"یش دەکاتەوە هەر بەشێک لە بیرکردنەوە لە دایکی لە دەروونیدا ئامادەیە، بەڵام دایکی زیاتر خەریکی کەلوپەلەکانی نێو ماڵە و حەز ناکا هی نوێ بکڕێ، بەڵکی ڕک لە هەر کاڵایەکی نوێ هەڵدەگرێ کە (سەرکەوت)ی کوڕی پێشنیاری کڕینی دەکا، لێرەدا دەردەکەوێ کە دایکی گرنگی بەو نادا و هەر خەریکی لاواندنەوەی کەلوپەلە کۆنەکانی ماڵ و یادگارییەکانی مێردەکەیەتی و کوڕەشی لەم نێوەندەدا ئازار دەچێژێ و دڵتەنگ و نیگەران لێی ڕادەمێنێ و تا دێ گرێی ئۆدیپ بەهێزتر دەبێ و دەگاتە ڕادەیەک کە دەڵێ: «خۆمم لە ژێر دوو لێفە نا و وەک منداڵ دەست و قاچەکانم گرمۆڵە کرد، بەڵام گیانم بەردەوام دەلەرزی، ئەو خەیاڵە ترسناکانە نەیاندەهێشت بخەوم و تا دەهات زیاتر ئۆقرەیان لێ دەبڕیم، هەرچۆنێ بوو دەرگەم کردەوە و بۆ ژووری دایکم ڕام کرد، کە ناندینەکە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە، هەر ئەوەندەی خۆمم هەڵدایە سەر تەختی خەوەکەی ڕاپەڕی.» (کاکەسوور: ٢٠١٩: ٢٥٥) تا باوکی لە ژیان مابوو، نەیدەتوانی کارێکی ئاواهی بکات، بۆیە کاتێک باوکی مرد، یەکێ لە شەوەکان هەستی کرد دەسەڵاتی باوکی وەسەرەوە نەماوە و ئێستا دەتوانێ بە ئازادی بچێتە لای دایکی، بۆیە بە پەرۆشەوە دەچێتە سەر جێگەی دایکی و ئەویش لە خەو ڕادەبێ و لێرەدا دەگاتە ئامانجەکەی خۆی و ڕووداوەکان بە تەمومژی دەمێننەوە، چونکە لە پەرەگرافی کۆتاییدا دەڵێ: «من لەو کاتەوە وەک منداڵ لە باوەشی دایکم دەخەوم.. تەنیا دوو شت نیگەرانم دەکەن، یەکەمیان شوو بکاتەوە و دووەمیشیان ئەو تەختە نووستنەی بەرگەی هەردووکمان نەگرێت و بشکێت.» (کاکەسوور: ٢٠١٩: ٢٥٧) لێرەدا دەردەکەوێ کە کارەکتەری سەرەکی هەستی بە بێتوانایی باوکی خۆی کردووە، چونک پێی وایە نەیتوانیوە بە شێوەی پێویست لەگەڵ دایکی بخەوێ، بۆیە تەختە خەوەکەی وەک ڕەمزێک بۆ هێز و ئاڵووش بەکارهێناوە، هەروەها بە تەواوی گرێی ئۆدیپ دووپات دەبێتەوە، چونکە کاتێک کە (بەفرین سالم)ی ئەکتەر گوللە باران دەکرێ و باوکیشی دەمرێ، لەوساوە ئەو لە باوەشی دایکی دەخەوێ. گرێی ئۆدیپ تەنیا ئیرەییە و هیچی تر، ئەوەتا خۆی دەڵێ دەترسم دایکم شوو بکاتەوە، ئەوە ئیرەییەکەیە، دواتر دەڵێ دەترسم ئەم سیسەمە بشکێ، واتە خوانەخواستە سێکس لەگەڵ دایکم بکەم، کەواتە دەردەکەوێ کە ئامانجی ئەو سێکس نییە، بەڵکو نەخۆشییەکی دەروونییە پڕە لە ترس و هەڵچوون و ئیرەیی، بۆیە نە دەتوانێ لەگەڵ دایکی ئەم کارە بکات، نە حەز دەکات شوو بکاتەوە.


**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

**(١) سیگمۆند فرۆید، ئەهریمەن لە دەروونشیکاریدا، و: ستار باقی کەریم، چاپخانەی ناوەندی فێربوون، هەولێر، ٢٠١٩.**

**(٢) نیتشە و پاش تازەگەری، د.محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.**

**(٣) ڕەخنەی ئەدەبی نوێ (لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی)، د.ئیبراهیم مەحموود خەلیل، و:پ.ی.د. محەمەد تاتانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧.**

**(٤) هونەری گوێگرتن، ئەریک فرۆم، و. بەهزاد حەوێزی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**(٥) منارەی ئاوەدانی، کاروان عومەر کاکەسوور، بڵاوکراوەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٩.**

**گۆڤار:**

**- لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکارانەی کەسایەتییەکانی ڕۆمانی سەمفۆنیای مردووەکانی عەباس مەعروفی، مەحبووبە ئەزهەری، و.ڤیدا قادری، گۆڤاری باران، دەزگای ئایدیا ٢٠١٧.**

**ئینتەرنێت:**

**- زەردەشتی نیچە: ڕەهەندێکی نوێ لە تیوری زیهنی بنیادیی فرۆیدی، جۆرج ماشور، و: دەشتی مەحموود، ماڵپەڕی چەپی نوێ، ٢٠١٩/٥/٩.**

**http://www.chapinwe.com/page_detailid=70&lg=1**